# توركيا وبەكێتی ئەورووپا

## لەكۆبنهاگن سەرانیسیاسی "بڕیاری كۆمپانیاكان جێبەجێدەكەن

**مەهدی ئەبوبەكر**

بەجیهانیكردن، كەبوارێكی فراوانی گفتوگۆ مەعریفی وروٚشنبیرییەكانی گرتوٚتەوە و، بووە بە جێگای مشتومڕی لێكوٚڵەروان. ناكرێت لەتەنها لایەكەوە تێی بڕوانرێت وتەنها بە بواری ئابوری وكوٚمپانیا فرەڕەگەزەكانەوە ببەسترێتەوە. بەڵكو بەجیهانیكردن، روٚڵێكی كاریگەر لەو رژێمە سیاسیە جیهانییە نوێیەدا دەبینێت، كەئێستا هەنگاوی بەرەو دەنرێت. فراوانبوونی بازاڕەكان، ئازادی ململانێی كوٚمپانیاكان، بوٚساغكردنەوەی كالآكانیان، هاتوچوٚی سەرمایەو دەستی كار لەنێوان ولآتاندا بە ئازادی، هەموو ئەوانە لەژێر سایەی سیستمێكی سیاسی دیموكراسیدا نەبێت گەشە ناكات. بوٚیە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ولآتەیەكگرتوەكان ویەكێتی ئەورۆپا، بەرەو گوٚڕین ولەبەر یەكهەڵوەشانەوەی ئەو رژێمە سیاسیانەیە، كە بەنەفەسێكی شمولیانە لەژیانی سیاسی ولآتەكانیان دەڕوانن. دەوڵەتی توركیا، پاش ئەوەی بڕیاری بەئەورۆپایكردنی خوٚیدا، چیدی بیری لە بەئەندامبوون، لەیەكێتی ئەورۆپادا كردەوە. ماوەی دەیان ساڵە، لەهەوڵی بێوچاندایە، بوٚوەدیهێنانی ئەو خەونەی كەبەلآنی كەمەوە جیلێك لە سیاسییەكان بردیانە ژێر گڵەوە. بەلآم لەدواجاردا یەكێتی ئەورۆپا بڕیاریدا"كە توركیا، بوٚئەندامێتی ئەو رێكخراوە بپاڵێوێت. لەگەڵ پالآوتنی توركیا، بوٚیەكێتی ئەورۆپا، كوٚمەڵێك داواكاری بە پێی رێككەوتننامەی كوٚبنهاگنی ساڵی 1993، بەر دەرگای پێگرت، كەخوٚی لەداخوازی چاككردنی باری ئابوری و داننان بەمافی كورد و چاككردنی رەوشی مافی مروٚڤ و چەندین داواكاری تردا، دەبینێتەوە. لەپاش نزیكەی دوو ساڵ لەململانیٚ وگفتوگوٚی سیاسیانەی نێوان پاتە سیاسیەكان، لەپەرلەمان وهەوڵ و كوٚششی حكومەت، لەسێی ئەم مانگەدا، پەرلەمانی توركیا، بڕیاری ئەنجامدانی چەند چاكسازییەكیدا، لەوانە"داننان بەمافی كورد بوٚخوێندن بەزمانی زگماك و بلآوكردنەوەی روٚژنامە ودامەزراندنی تەلەفیزیوٚن، هەروەها هەڵگرتنی سزای لەسێدارەدان، لەكاتی ئاشتیدا ولادانی سزا لەسەر ئەو كەسانەی رەخنە لەهێزە چەكدارەكان دەگرن، جگە لەوانەش بڕیاریدا ئاسانكاری لەكاری رێكخراوە بیانیەكان، لەولآتدا بكات وكوٚتوبەندەكانی سەر خوٚپیشاندان وكوٚبوونەوگشتیەكان، كەمبكاتەوە. ولآتانی جیهان بەگشتی ویەكێتی ئەورۆپا، خوٚشحاڵیان بەرامبەر ئەم هەنگاوانەی توركیا، دەربڕی. بەلآم لەگەڵ ئەوشدا هێشتا ئەو پرسیارە وەكو خوٚی ماوەتەوە كە"ئایالەكوٚبوونەوەیداهاتووی یەكێتی ئەورۆپادا، كەبڕیارە لە15/كانونی یەكەمی داهاتوو، لەكوٚبنهاگن، ببەسترێت، بڕیاری ئەوە دەدرێت كەسەبارەت بە ئەندامبوونی توركیا، دەست بەگفتو گوٚلەگەڵیدا بكرێت؟بولاند ئەجویدی سەروٚك وەزیرانی توركیا، لەوتەیەكیدا رایگەیاند، سەرەڕای ئەو چاكسازییانە توركیا، بە ئەندام وەرناگیرێت. چونكە ولآتێكی موسوڵمانە وجگە لەوەش ژمارەی دانیشتوانەكەی زوٚرە، ئەوەش مافی ئەوەی دەداتیٚكەژمارەیەكی زوٚر ئەندامی لە پەرلەمانی ئەورۆپیدا هەبێت. ئەورۆپایەكانیش لای خوٚیانەوە داواكاری چارەسەركردنی كێشەكانی لەگەڵ یوٚنان وقوبرسدا لیٚ دەكەن. بەلآم لەهەموو ئەوانە گرنگتر دەبێت توركیا، زوٚر بەوردی لەوە تێبگات، كەڤیزای چوونە ناو یەكێتی ئەورۆپاوە، كوٚمپانیا فرە رەگەزەكان وكیشوەر بڕەكان، دەیدەنە دەستی. چونكە كاتێك ئەورۆپا بڕیاری وەرگرتنی توركیا، لەرێكخراوەكەیدا دەدات، پێویستە هاوكاری پەرەپێدانی ئابوری ئەو ولآتە بكات. لەبەرامبەر ئەوەشدا توركیا دەبێت دەرگاكانی لەبەردەم كوٚمپانیا ئەورۆپی وجیهانیەكاندا والآبكات، تا بەئاسانی سەرمایەگوزاری خوٚیان وەبەربهێنن. بەلآم ئەوكوٚمپانیایانە پێویستیان بەئازادی بازاڕ ومروٚڤ وشەفافیەت و كرانەوەی سیاسی ودیموكراسیەتی روٚژئاوایی هەیە، ئەومەرجانەش كاتێك دێتەدی كە"گوٚڕانكارییەكی بنەڕتی لەدەستوری ولآتدا بكرێت ودەسەلآتی راستەقینە بوٚمەدەنیەكان، بگەڕێتەوە. بەپێچەوانەوە دەستكاریكردنی چەند یاسایەك ودەركردنی چەند یاسایەكی نویٚ، هەرگیز ئومێدی بوون بە ئەندامبوونی لەخێزانی ئەورۆپیدا نایەنێتەدی.



www.kurdistannet.org